# هەڵەبجە برینێکی سارێژ نەبوو لە جەستەی کورد

نزیکەی سێ دەیە بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت. ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییەی کە لە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی بەعسی رووخاو ئەنجامدرا، بەو هۆیەوە زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتی گیانیان لەدەست داو زیاتر لە ١٠ هەزار کەسیش برینداربوون، تا ڕۆژی ئەمڕۆش بریندارەکان بەدەست نەخۆشییە درێژخایەنەکانی تایبەت بە کاریگەریی ئەو چەکە کیمیاییانەوە دەناڵێنن. بەپێی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان نزیکەی ٢.٩٪ی دانیشتووانی کورد لە باشووری کوردستان بەر چەکە کیمیاییەکان کەوتوون، بەڵام تراژیدیای ئەم مەرگەساتە هەردەم وەك دیۆەزمەیەك زیاتر خۆی نیشانی دانیشتووانی هەڵەبجە دەدات. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان-یش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەگەرچی هەڵەبجە سمبولی شەهیدان و بەرخودان و قوربانیدانی گەلی کوردە، بەڵام کەمتەرخەمی لە بەدەمەوەهاتنی قوربانییان و بریندارەکان بارگرانی زۆری لە رووی دەروونییەوە لەسەر خانەوادەی قوربانییانی شارەکە بەجێهێشتووە.



ئیراد منوچر سان ئەحمەد پسپۆڕی بایۆلۆژییە و لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «دوای ٢٩ ساڵ لە تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە چەکی کۆمەڵکوژ، هێشتا دانیشتووانی ئەو شارە بەدەست ماك و کاریگەرییەکانی ئەو تاوانەوە دەناڵێنن کە لە کۆمەڵێك رووەوە کاریگەری لەسەریان هەبووە، لەوانە:

لە رووی تەندروستییەوە: ژمارەیەکی زۆری بریندابوو بە چەکی کیمیایی هەن کە تائێستا چارەسەری پێویستیان بۆ نەکراوە و رێژەیەکی بەرز لەو بەرکەوتووانە بە چەکی کیمیایی ناتوانن ژیانی ئاسایی و رۆژانەیان بەسەر بەرن. ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە تائێستا نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەو بریندارب‌ووانە نییە و بەشێوەیەکی گشتی کەرتی تەندروستی لە پارێزگای هەڵەبجە لە ئاستێکی زۆر لاواز و خراپدایە .

لە رووی کۆمەڵایەتییەوە: تا ئێستا کۆمەڵێك منداڵی هەڵەبجەیی کە لەساتەوەختی بۆردومانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ ون بوون، بەداخەوە تا ئێستا حکومەتی هەرێم هەنگاوی عەمەلی و جددی بۆ دۆزینەوەیان نەگرتۆتەبەر، کە پێویستە ئەوانیش بە کەسوکاریان و دۆزینەوەی رەچەڵەکیان شاد ببنەوە، هەروەها بۆ ئەوەی چیدی ئەو خێزانانەی کە منداڵیان ون بووە، چاوەڕێ نەکەن، چونکە زۆرێك لە منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە لە رەگەزی مێن و ئەگەری هەیە ژیان و گوزەران بۆ ئەوان زۆر سەختتر بێت.

لە رووی ئابوورییەوە: هەڵەبجە هێچ ژێرخانێکی ئابووری نییەو بە هۆی بۆردومانیش کۆمەڵێك دامەزراوەو کارگەی بەرهەمهێنی لەدەست چووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ دووربکەونەوە لە رێچکەی بەرەوپێشچوونی ئەو دووکەرتە کە بنەمان بۆ پێشکەوتنی لایەنی ئابووری. ئەوە مایەی نیگەرانییە و بەداخەوە هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی لەو پارێزگایەدا، لەکاتێکدا هەڵەبجە خاوەنی دەشتی شارەزوورە کە بە سێیەم دەشتی لیتەیی دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بەتایبەتی بەرهەمی وەك (کونجی و پەموو) کە دوو بەرهەمی بەناوبانگی دەشتی شارەزوورن، بەڵام کە خواست لەسەر بەرهەمی پەموو و کونجی بەتەواوەتی بەرەو نەمان چووەو ئێستا بەرهەم ناهێندرێت. سەرەڕای ئەوەی هەڵەبجە خاوەن بەرهەمێکی ناوازەی هەنارە، لەوکەرتەشدا پەرەی پێ نەدراوە، لە رووی پیشەسازیشەوە هەڵەبجە خاوەن کۆمەڵێك مەعدەن و کانزای بەناوبانگە، بەتایبەتی گۆگرد.

رێژەی بێکاری لە پارێزگای هەڵەبجە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. لەم روانگەیەوە رێژەیەکی زۆر لە گەنجانی هەڵەبجە بێکارن، بەتایبەتی کچان بەهیچ شێوەیەك هەلی کاریان دەست ناکەوێت و خاوەن ئابووری سەربەخۆی خۆیان نین، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پێشکەوتنی ئافرەتان و بەدیهێنانی چەمکەکانی یەکسانی رەگەزی و بەدیهێنانی مافەکان، چونکە یەکێك لە بنەماکانی پێشکەوتنی دۆزی ئافرەت ئەوەیە خاوەن ئابووریی سەربەخۆی بێت.

لە رووی ئاوەدانییەوە: ئەو ئاوەدانییەی کە شایستەی قوربانی و بەرخودانی ئەو شارە بێت، هێشتا پێی نەگەیشتووە. تا ئێستا ئەگەر گوزەر بکەیت بە کوچەو کوڵانەکانیدا ئاسەواری رووخانی خانووەکان و تێکچوونی دیمەنی ئەو شارە دەتگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە تاوانەکە ئەنجامدراوە، هێشتا بۆمبی نەتەقیوە لەو شارەدا بوونی هەیە، هیچ هۆیەکی سەلامەتی نییە بۆ ئەوی دانیشتووانی ئەو شارە پارێزراو بن، هێشتا هەڵەبجە بە فەرمی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەکراوەتە کەیسێکی نێودەوڵەتی کە گەورەیی تاوانەکە بناسرێت و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی دادگایی بکرێن، بەتایبەتی لە وڵاتی ئەڵمانیا کە بەپێی راپۆرتی نیویۆرك تایمس ساڵی ١٩٨٤ دوو کۆمپانیای ئەڵمانی رێژەی ٧٠٪ی چەکی کیمیایی بە عێراق فرۆشتووە.»

ئەو پسپۆڕی بایۆلۆژییە لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: «هەڵەبجە هەرچەندە سومبلی شەهیدان و بەرخودانە، بەڵام حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە سومبلی ئاوەدانیشی پێببەخشێت بۆ ئەوەی دوای ٢٩ ساڵ بە هەمان هەناسەی ١٩٨٨ هەناسە نەدات و نەوەکانی باجی ئەو قوربانییە نەدەن کە تەنیا بەهۆی کوردبوون تووشی ئەو تاوانە نەگریسە مێژووییە هاتن.»

درەو مەهدی مامۆستا و چالاکی کۆمەڵی مەدەنی لە هەڵەبجە، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان گوتی: «لە زۆرێك لەو وڵاتانەی کە شارێك، یان زیاتریان تووشی جینۆساید هاتوون. حکومەتی وڵاتەکە هەوڵی چڕی داوە بۆ بووژاندنەوەی ژیان لە شارەکەدا، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا. دوای تێپەڕینی ٢٩ ساڵ بەسەر تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، هیچ هارمۆنیایەکی ژیان لەم شارەدا بەدی ناکرێت. تا ئێستا دۆخی ژیانێکی شایستە لەدوای ئەو تاوانەی کە بەسەردا هاتووە، لەو شارەدا نییە. تا ئێستاش هەڵەبجە شارێکی داخراوە لە رووی جوگرافیاوەو هەوڵی کرانەوەی نەدراوە، بۆ ئەوەی جووڵەی ئابووری و هەمەلایەنە لە شارەکەدا دروست بێت. رێژەی بێکاری زۆرە.و پرۆژەی خزمەتگوزاری وەك پێویست لە ئاست ویستی خەڵکدا نییە. دۆخی ژنان و منداڵان، بۆ ژیانکردن بە دۆخێکی گونجاو نازانم. بەتایبەت ژنانی بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی کە بەردەوام ناوبەناو مەرگێکی هیواش چاوەڕێیانە.»

گوتیشی: «بە بڕوای من ئەو چەند ساڵەی دوای تاوانەکە کە بەرامبەر ئەم شارە کرا، حیزب کە دەستی لە هەناوی دامەزراوە حکوومییەکاندا بوو، چڕنوکی

**کۆمەڵێک منداڵی هەڵەبجەیی کە لەساتەوەختی بۆردومانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ ون بوون، تا ئێستا حکومەتی هەرێم هەنگاوی عەمەلی و جددی بۆ دۆزینەوەیان نەگرتۆتەبەر**

**کاریگەرییەکانی تاوانەکە لەسەر خەڵکی هەڵەبجە بەشێکیشیان کاریگەری دەروونین و پێویستیان بە چارەسەرکردنی بەپەلە هەیە، تا یادەوەری ئەو تاوانە لەیاد بکرێت و کاریگەری خراپی لەسەر نەوەی نوێ نەمێنێت**

**بەپێی زانیارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، زیاتر لە هەزار منداڵی هەڵەبجەیی تا ئێستاش دوور لە زێدی خۆیان و لەو وڵاتەدا دەژین**



لە جەستەی ئەم شارە گیرکردو چەند ساڵێك لە ستانداردی ژیانکردن دوای خست. دەبوو ئەم شارە ئێستا روخسارێکی پڕشنگدارو درەوشاوەی هەبوایە بۆ ژیانکردن و خەڵکەکەی گوزەرانێکی شایستەو باشیان هەبوایە، بەڵکو ئێستاش بەدەست سارێژ نەبوونی برینی تاوانێکی وەها گەورەوە دەناڵێنن کە دەرهەقیان کراوە.»

باران محەمەد مافناس و دانیشتووی شاری هەڵەبجەیە و ئەویش باسی ئەوە دەکات کە «کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە گەورەترین و ترسناکترین تاوانی نێودەوڵەتی بووە کە بەرامبەر دانیشتووانی شاری هەڵەبجە ئەنجامدراوە کە پێویستە بە جینۆساید ناوزەدی بکەین، چونکە دەرئەنجام کاریگەری لەسەر تەواوی چین و توێژەکانی ئەو شارە داناوە، کە تا داهاتووی دووریش کاریگەرییەکەی دەمێنێت. چونکە کیمیابارانکردن بە گازێکی وەك خەردەل کە گازێکی ژەهراوی و بریندارکەرە، بۆ داهاتوش کاریگەری دەمێنێتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم گازە زۆرتر کاریگەری لە سەر منداڵان هەیە، بەهۆی ئەوەی منداڵان لە تەمەنێکی زۆر کەمدان و توانای جەستەیان زۆر لاوازە و بەرگەی ئەو ژارە کوشندەیە ناگرن و رێژەیەکی زۆری قوربانییەکان پێکدەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری کیمیاباران تا ئیستا بەردەوامە بۆ سەر ژیانی تاك و خێزانە بریندارەکانی هەڵەبجە و بەپێی ئامارەکانیش چەندین نەخۆشی لە ناو هەڵەبجە و دەوروبەری بوونی هەیە کە چارەسەریان زۆر دەگمەنە، واتا ژیان لای ئەوان زۆر ئەستەم، لەناو ئەو بریندارانەش کەتا ئێستاش دەرمانی چارەسەری وەردەگرن، کێشەی زۆر رووبەڕوویان دەبێتەوە.» گوتیشی: «بەداخەوە ئاسەواری ئەو تاوانە گەورەیە گەلێك زۆرە، چونکە سەرەڕای گیان لەدستدانی زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتی، بەدەیان هەزار کەسیش بریندار و ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون، تەنانەت تا ئێستاش منداڵانی هەڵەبجە کە لەو سەردەمە بەهۆی ئەو رووداوەوە ئاوارە بوون، زۆربەیان نەدۆزراونەتەوە، کە بەپێی زانیارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، زیاتر لە هەزار منداڵی هەڵەبجەیی تا ئێستاش دوور لە زێدی خۆیان و لەو وڵاتەدا دەژین .»

باران محەمەد جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بارودۆخی هەڵەبجە تا ئێستاش وەك پێویست نییە و بە جددی ئاوڕ لەو شارە نەدراوەتەوە بۆ سارێژکردنی زامەکانیان، کە ئەمەش مافێکی سەرەتایی هاووڵاتیانی ئەو شارەیە و پێویستە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بەجددی لە کێشەکانی ئەو شارە بڕوانن و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، ئەگەرچی لە رووی مەعنەوییەوە بەهیچ شتێك قەرەبووی ئەو شارە ناکرێتەوە.»

هەورامان سەجادی بەرپرسی رێکخراوی ژینگەپارێزی هەڵەبجەیە و ئەویش ئاماژە بەوە دەکات کە «کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/١٦و شەهیدکردنی زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتی و بریندارکردنی هەزاران کەس لەدانیشتووانی هەڵەبجە بووە بە پەڵەیەکی رەش بە نێوچاوانی ئەو وڵاتە زلهێزانەوە کە باس لە مافی مرۆڤ دەکەن.» گوتیشی: «بەداخەوە دوای زیاتر لە ٢٩ساڵ لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە تا ئێستاش کاریگەرییەکانی ئەو تاوانە لەسەر دانیشتووانی هەڵەبجە بەدی دەکرێت، کە بەشێکیان کاریگەری جەستەیی و بەشێکیشیان کاریگەری دەروونیین و پێویستیان بە چارەسەرکردنی بەپەلە هەیە، تا یادەوەری ئەو تاوانە لەیاد بکرێت و کاریگەری خراپی لەسەر نەوەی نوێ نەمێنێت. هەروەها کاریگەرییە جەستەییەکانیش بەداخەوە تا ئێستاش وەك پێویست هەوڵ نەدراوە بۆ چارەسەرکردنیان و رۆژانە بە بەرچاومانەوە گیان دەسپێرن، دەتوانین ئاماژە بە کاریگەرییەکانی دیکەی ئەو تاوانەش بکەین، کە لە سەر ژینگەی هەڵەبجە کاریگەری مەترسیداری هەبووەو گومانی گەورە هەیە لەسەر پیسبوونی ئاو و خاك و هەوای هەڵەبجە، تا ئێستاش نەتوانراوە بە جددی کاری لەسەر بکرێت، هەر بۆیە ئەوەی گرنگە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هەڵەبجە، دروستکردنی تاقیگەیەکی مۆدێرنە لە هەڵەبجە بۆ لێکۆلینەوە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی باسمان کردن کە دوای تاوانی کیمیاباران بەجێماون.»

نەجمەدین عومەر وەك گەنجێکی هەڵەبجەیی دەڵێت: «ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێکی ناوە بۆ خزمەتکردنی شارەکە و بڕیاری بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە لەساڵی ١٩٩٩ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە یاسایەکی تایبەت دەرکراوە، لە١٣ی ئاداری ٢٠١٤ـەش لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی بڕیاری بەپارێزگابوونی هەڵەبجە واژۆ کرا، کە ئەوە کرانەوەیەك بە رووی شارەکەدا دروست دەکات، بەڵام برینی هەڵەبجە زۆر قووڵە و خەڵکەکەشی شایانی ئەوەیە کاری جددیتر و شیاوتریان بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی بەتەواوی برینەکەیان سارێژ بکرێت .»

**تا ئێستاش هەڵەبجە شارێکی داخراوە لە رووی جوگرافیاوەو هەوڵی کرانەوەی نەدراوە، بۆ ئەوەی جووڵەی ئابووری و هەمەلایەنە لە شارەکەدا دروست بێت**

**هێشتا هەڵەبجە بە فەرمی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەکراوەتە کەیسێکی نێودەوڵەتی کە گەورەیی تاوانەکە بناسرێت**

**تا ئێستا ئەگەر گوزەر بکەیت بە کوچەو کوڵانەکانیدا ئاسەواری رووخانی خانووەکان و تێکچوونی دیمەنی ئەو شارە دەتگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە تاوانەکە ئەنجامدراوە**





پەرلەمانتار نەدا مێرگەسۆری:

# بەشداریکردنی ئافرەت بە مەبەستی جوانکردنی شانۆی سیاسی، کارێکی ناتەندروستە

نەدا مێرگەسۆری بڕوانامەی ماجستیری لە یاسای گشتی هەیەو، پەرلەمانتار و بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیشکدەخاتە سەر دوو تەوەری گرنگ، بەکەمیان پەیوەستە بە هەنگاونانی کورد بەرەو سەربەخۆیی و پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پرەنسیپی دەستوور و تەوافق پێشێل کراوە. لە تەوەری دووەمدا جەخت دەکاتەوە کە ئەگەر ئافرەتان بیانەوێت بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە هەموو کایەکانی ژیان بەشدار بن، پێش هەموو شتێک پێویستە متمانەیان بە خۆیان هەبێت.

## پرسی سەربەخۆیی و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا

*** دیارە هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت، ئایا حکومەتی عێراق چ هەڵوێستێکی هەیە لەسەر ئەوەی کوردستان ببێتە خاوەن دەوڵەت و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەکات؟**

- ئەوە بۆ (١٤) ساڵ دەڕوات کە لایەنە عێراقییەکان بە هاوکاری جددییانەی کورد، عێراقی دوای روخانی رژێمی سەدامیان سەر لە نوێ بنیاد نایەوە، دەستووری عێراق لە ساڵی(٢٠٠٥) دانرا، هەر لە دیباجە تا بەندەکانی کۆتایی داڕێژران، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ماوەی زیاتر لە چەند مانگێك دوای رووخانی رژێم لە بەغدا مانەوەو بە جددی خەریکی دانوستاندن و بنیادنانەوەی عێراق بوون لە سەر ئەساسی شەراکەتی راستەقینە. کورد لە ساڵی (٢٠٠٣)وە بەو ئاواتە رۆیشتەوە بەغدا کە شەریکی راستەقینەی عەرەبی عێراق بێت، نەك ببێتەوە دەرەجە دوو و پەراوێز بخرێت، بەڵام دوای کەوتنەسەرپێی عێراق، سیاسەتی پەراوێزخستنی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا دەستی پێکردو ئەو سیاسەتەش لە سەردەمی دەسەڵاتی مالیکی گەیشتە لوتکە، مالیکی سیاسەتێکی تاکڕوانەی پەیڕەو کرد کە عێراقی بەرەو پشێوی و نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی مەزهەبی و تائیفی برد، بووە هۆکاری ئەوەی کە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش پەلاماری عێراق و کوردستان بدات، هەر ئەمەش بووە هۆکاری هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە قارەمانەکان. لەسەرەتاکانی ساڵی(٢٠١٤) قوتی خەڵکی هەرێم و بودجەی هەرێمی بڕی و کەوتە دژایەتی هەرێمی کوردستان، ئێستاش بەداخەوە هەمان رێچکە هەر لە عێراق و هزری زۆربەی کەسە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی عێراق ماوە، ئەوان هێشتا زۆربەیان لە میکانزمی جێبەجێکردنی وڵاتێکی فیدڕاڵی نەگەیشتوون، هێشتاش ئەوان بە بیری مەرکەزییەت و قۆرخکاری دەسەڵات لە مەرکەز بیر دەکەنەوە، نایانەوێت بگەنە ئەو قەناعەتەی کە کورد هەرێمی خۆی هەبێت و پێشبکەوێت، بە راستی بەشێکی دەسەڵاتدارانی عێراق وایان کرد ئەزموونی فیدڕاڵییەت شکست بێنێت، چونکە رێزی شەراکەتی راستەقینەیان نەگرت،بە ناوی زۆرینە، پرۆژە یاساکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تێدەپەڕێندرێت، ئەوەی کورد داوای دەکات، دژایەتی دەکەن، لێدوانی سەیر سەیر دژبە کوردستان دەدرێت، ئێستاش رازی نین بودجەی هەرێم و قوتی هاوڵاتی هەرێم بدەن. بۆیە پرسیار ئەوەیە لە وڵاتێکی وادا کە هیچ حیسابێك بۆ کورد نەکرێت و هەر بە پاشکۆ سەیر بکرێ، ئایا باشتر نییە بیر لە رێگە چارەی دیکە بکرێتەوە؟ بۆیە جەنابی سەرۆك زۆر لە سەر حەقە کە بفەرموێت دوو دراوسێی باش بین بۆ یەکتر. بەو مانایەی باشترە نەبینە پاشکۆی وڵاتێك کە باوەڕی بە شەراکەتی راستەقینەی کورد و عەرەب نییە، عەرەبی دەسەڵاتداری عێراقیش تا رادەیەك گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێت هەر بەم شێوەیە کوردو عەرەب پێکەوە بن، عێراق، زۆرینەی شیعە دەیبابەڕێوە، هەر شتێك ئەوان بیانەوێت، ئەنجامی دەبێت، بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی دیکە تەجروبە بکات، فیدڕاڵییەت نەیتوانی لە عێراق سەرکەوتوو بێت، بۆیە پێویستە کوردستان ئەزموونی دەوڵەتبوون تەجروبە بکات کە مافی خۆیەتی.

***حکومەتی عێراق ماوەیەکی زۆرە بودجەی هەرێمی کوردستانی نەناردووە، لە کاتێکدا ئێستا پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق پێکەوە شەڕی دژی داعش دەکەن. ئێوە لە لە پەرلەمانی بەغدا تا چەند هەوڵتان داوە داوای مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن؟**

-بەپێی توانا هەوڵی جددیمان داوە بۆ ئەوەی پارێزەری باشی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی کوردستان بین، بڕینی بەشە بوجەی هەرێمی کوردستان و نەدانی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەران بڕیارێکی تاکلایەنەی سیاسی و نادەستووری و نایاسایی بوو کە سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق (نوری مالیکی) پێش کۆتاییهاتنی ویلایەتی دووەمی دەریکرد، ئەمەش بۆ فشارخستنەسەر هەرێمی کوردستان بوو کە بەداخەوە تائێستاشی لەگەڵ بێت، حکومەتە تازەکەی بەڕێز(حەیدەر عەبادی)یش پەیڕەوی ئەو بڕیارە دەکات. وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو هەوڵێکمان دا کە بە باشترین شێوە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و بوجەی هەرێم و مافی پێشمەرگەو فەرمانبەران بچەسپێنین، بەڵام بەداخەوە فراکسیۆنەکانی دیکەی کوردستانی بە بێ گوێدانە بۆچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرەڕای ئاگادارکردنەوەشیان لەسەر مەترسیی ئەو پرۆژەیەی ئەوان کاری لەسەر دەکەن، دەنگیان بۆ پرۆژە یاسای بوجەی(٢٠١٧)ی عێراق داو بە دەستکەوت و شانازییەکی بێ وێنەش باسیان لێوە کرد، بە راستی ئەو یاسایە بە هیچ جۆرێك لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان نییەو ئەرکێکی قورسی داراییش دەخاتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بۆ کۆمەڵگەیەک کە هێشتا گیرۆدەی زۆر کۆسپ و تەگەرەی جڤاکی و دابونەریتی نزمتر سەیرکردنی ئافرەتە، پێویستە دەرفەتێک بدرێتە ئافرەت و یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە رکابەریکردنێکی کەمتر، پێگەی سیاسی بەدەست بێنێت**

**دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانی و پاڵپشتیی هەر سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) پاڵنەرێکی باشن بۆ ئەوەی ئافرەت لاشەیەکی مردوو نەبێت و ببێتە ئەکتەرێکی ئازاد و کاریگەر لە نێو جڤاکدا**

**ڕۆڵی ئافرەتی کوردستانی لە کایەی سیاسیدا**

*** ئایا ژنی کوردستانی ئەکتەرێکی ئازادە، یان لاشەیەکی داگیرکراوە؟ ئایا قوربانی دەستی ستراکتۆرە زەبەلاحە مێژوویەکانە، یان کائینێکی ڕاپەڕیوی خۆدروستکارە؟ ئایا مرۆڤێکی دەستەمۆکراو وماڵیکراوە، یان یاخییەکی بەرهەڵستکار؟**

- ناکرێت ئافرەتی کوردستانی بەراورد بکرێت لە گەڵ ئافرەتانی وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ کە هەر لە دەمێکی زووەوە بە زۆربەی هەرە زۆری مافەکانی خۆیان گەیشتوون، ئافرەتی کوردستانی گەلێك کوسپی لەبەردەمە کە پێویستە خۆیانی لێ ڕزگار بکات، بۆئەوەی نەبێتە قوربانی کۆمەڵگە، بێگومان هۆکار زۆرن بۆئەوەی ئافرەت لە پێگەی ڕاستەقینەی خۆی نەبێت و بە چاویلکەیەکی جیاواز سەیربکرێت، هۆکاری تاکەکەسی، هۆکاری جڤاکی و هۆکاری سیستەم و دەسەڵاتی حوکمڕان، فاکتەری کاریگەرن کە ئافرەت بەگشتی تووشی گرفت بێت. بەڵام خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان بەپێی توانا هەنگاوی باشی ناوە بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت لە کوردستان، بەڵام بۆ ئەوەی ئافرەتان بیانەوێت بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە هەموو کایەکانی ژیان بەشدار بن، پێش هەموو شتێك پێویستە متمانەیان بە خۆیان هەبێت و کارابوونیان بسەلمێنن، ئەمەش هەر لە خۆیەوە دروست نابێت، بەڵکو چەندین فاکتەر هاوکارن بۆئەوەی ڕەگەزی مێ بتوانێت خۆی بسەلمێنێت، پێویستە یەکەم هەنگاو، لە خێزانەوە دەست پێ بکرێت، کە دایك و باوك ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە بەرزکردنەوەی متمانەی ڕەگەزی مێ، دواتر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەو سەیرکردنی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت، هۆکارێکی دیکەیە بۆ کەمی و زۆری متمانە بەخۆبوونی ئافرەت، دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانی و پاڵپشتیی هەر سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) پاڵنەرێکی باشن بۆ ئەوەی ئافرەت لاشەیەکی مردوو نەبێت و ببێتە ئەکتەرێکی ئازاد و کاریگەر لە نێو جڤاکدا. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هۆکارە کەسییەکان کاریگەری یەکجار بەهێز و ئەرێنیان هەیە، کە بە هۆیەوە ئافرەت دەتوانێت متمانە بەخۆبوونی خۆی بەهێز بکات و خۆی لە کۆمەڵگە وەك کەسێکی بەسوود و خاوەن پێگەیەکی بەهێز بسەلمێنیت، کە ئەویش بە هۆی ڕۆشنبیرکردنی خۆی دەبێت لە بوارە جیاجیاکانی ژیان .

*** زۆرجار دەگوترێ ژن لە ژیانی سیاسی کوردستاندا، زیاتر وەك دیکۆرێك و لە هەندێك کاتیشدا بۆ خۆدەرخستن وەك حزبی مۆدێرن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- ئەگەر مەبەست لە بەشدارکردنی ئافرەت لە ژیانی سیاسیدا جوانترکردنی شانۆی سیاسی بێت، بێگومان کارێکی ناتەندروستەو خودی ئافرەتەکەش نابێت بەمە ڕازی بێت، چونکە بەم کارە و بە پڕکردنەوەی پێگە سیاسەکەی تەنیا لەبەرئەوەی ئافرەتە، نەك سوود بە خۆی ناگەیەنێت، بەڵکو زەرەر دەگەینێتە پێگەی ئافرەت و داهاتووی ئافرەت، جگە لەوەش زەرەر دەگەینێتە ئەو پارتە سیاسییەی کە ئەوی دەستنیشان کردووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە سیاسییە، ئافرەت ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە، چونکە لە لایەك دەبێت بە لێهاتوویی و شارەزایی و ڕۆشنبیری خۆی قەناعەت بۆ پارتە سیاسییەکەی و کۆمەڵگە دروست بکات کە ئەویش تاکێکە دەتوانرێت ئەو ئەرکە سیاسیەی لەسەر شانیەتی بە باشترین شێوە بەڕێوەی دەبات، ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت، لەلایەکی دیکەشەوە بە سەلماندنی لێهاتوویی خۆی دەبێت زەمینە بۆ ئافرەتانی دیکەش دروست بکات.

***هەندێك کەس ڕایانوایە کە سیستەمی کۆتا، فێڵێکە لە ئافرەتان دەکرێت و دەپرسن بۆچی دەبێت ڕێژەی بەشداری ئافرەت لە پەرلەمان تەنیا ٣٠٪ بێت؟**

-من وای نابینم کە سیستەمی کۆتا فێڵێك بێت لە ئافرەتان بکرێت، بەڵکو ڕێگایەکی گونجاوە بۆ هێنانە نێو ژیانی سیاسیی ئافرەت. منیش لەو بۆچوونەم کە ڕەنگە باشتر بێت کە ئافرەتیش بە هەمان شێوەی پیاو بچێتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەك کە هێشتا گیرۆدەی زۆر کۆسپ و تەگەرەی جڤاکی و دابونەریتی نزمتر سەیرکردنی ئافرەتە، پێویستە دەرفەتێك بدرێتە ئافرەت و یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕکابەریکردنێکی کەمتر، پێگەی سیاسی بەدەست بێنێت، چونکە لە کۆمەڵگەیەك کە هێشتا ئافرەت بە چاوێکی دیکەوە سەیر دەکرێت و کۆمەڵگایەکی بیر پیاوانەیە، ئەستەمە ئافرەت بتوانێت لەگەڵ پیاو ڕکابەری بکات. ئەمە ئەرکی ئێمەیە کە ئەو قەناعەتە بۆ سەرکردایەتی پارتەکان و جڤات و هاووڵاتی دروست بکەین کە ئافرەتیش دەتوانێت ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکات. ئەگەر ئافرەت توانی ئەدایەکی جوانی سیاسی و ئەخلاقی و جڤاکی بگێڕێت، دڵنیام دیدی خەڵکیش بۆ کاری سیاسیی ئافرەتیش دەگۆڕێت و هێدی هێدی وای لێدێت کە بتوانێت شان بە شانی پیاو بچێتە پێشەوەو مونافسەی پیاو بکات، بۆیە من لەگەڵ سیستەمی کۆتام بۆ ئەم قۆناغەی ئێستامان و بۆ داهاتوویەکی دووریش، بەڵام بەو مەرجەی کە ئافرەتی شایستە کاندید بکرێت .

**بۆ ئەوەی ئافرەتان بیانەوێت بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە هەموو کایەکانی ژیان بەشدار بن، پێش هەموو شتێک پێویستە متمانەیان بە خۆیان هەبێت و کارابوونیان بسەلمێنن**

**تاوەکو نەبین بە خاوەن دەوڵەت کێشە نێوخۆییەکانیش، چ سیاسی بێت، چ ئابووری و دارایی چارەسەر ناکرێت**